# شاندێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی حزبی رزگاریی کوردستان دەکات



کاتژمێر 11ی رۆژی 20-9-2010 شاندێکی بالآی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەرێزان کاک **بەهمەن حوسێن** بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، کاک **بێکەس قادر** ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کاک **دڵزار ئەبدوڵلا** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانیان کردو لەلایەن هەڤالان **رێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی و **ئاکۆ عەبدولمەجید** ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت پێشوازیان لێکرا. ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا شاندی میوان باسیان لە دواین رەوشی دادگە بۆ یەکلایی کردنەوەی ناوی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد و جەختیان کردەوە کە ئیتر بەپێی یاسا ئەوان وەک حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ و گەشە بە پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەدەنەوە. هەروەها لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و عێراق کرا.

هەڤالانی حزبی رزگاری وێڕای ئەوەی سوپاسی شاندی میوانیان کرد بۆ سەردانەکەو جەختیان لەسەر بەردەوامی و گەشەپێدانی پەیوەندی نێوان هەردوو حزبی رزگاری و زەحمەتکێشانی کوردستان کردوە، قۆناغەکانی خەباتی هاوبەشی پێشووشیان وەبیرهێنایەوەو هیوایان خواست کە لە داهاتووشدا بتوانرێ کارو چالاکی هاوبەش ئەنجام بدرێن و یەکرێزی نێوان حزب و لایەنەکانی کوردستان پتەوو بەهێزبکرێت.

# شاندێکی هاوبەشی سێ لایەنی سیاسی سەردانی حزبی رزگاری دەکەن

کاتژمێر 13.30ی رۆژی 29-9-2010 شاندێکی هاوبەش کە پێکهاتبوو لە هەڤالانی ' بزووتنەوەی دیموکراتی رزگاری کوردستان و حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان' سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانیان کرد، لە شاری هەولێر، لەلایەن هەڤال رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، کاڕزان شێخ محەمەد ئەندامی ج.کۆمیتەی ناوەندی و ئاکۆ عەبدولمەجید ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی دۆستانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و عێراق کرا.

لە تەوەرێکی دیکەدا شاندی میوان داخباری خۆیان لەراگرتنی بودجەی حزبی رزگاریی کوردستان دەربڕی کە ماوەی دە مانگە وەزارەتی ناوەخۆ رایگرتوە، هەروەها بەمەبەستی گەڕانەوەی بودجە بۆ حزبی رزگاری، پێشنیاریان کرد لەگەڵ ئەوانە ئاشتبینەوە کە بە بانگەشەی رزگاری بوون دەکەن، لەو پێوەندەدا هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی بە وردی ئەو کێشەیەی روونکردەوەو رایگەیاند: هەموو لایەنە سیاسیەکان باش دەزانن کە سالّی 1994 کاک زەید مەحمود بە ناوی بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلی هاتە ناو رزگاری، چەند مانگێک مایەوە دواتر رۆیشت، ئەو کات سەردەمی شەڕی ناوەخۆ بوو، ئێستا ماوەی شازدە ساڵە کاک زەید لە دوورو نزیکەوە پەیوەندی حزبی رزگاریی کوردستانەوە نیە، هەروەها کاتێک ئەو لەرێزەکانی رزگاریدا نەبووە کە حزبی رزگاری راگەیاندراوەو مۆڵەتی کارکردنیشی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە، هەروەها ئەو لەگەڵ رزگاریدا نەبووە کە بودجە بۆ حزبی رزگاری تەرخان کراوە، بۆیە ئێستا راگرتنی بودجە بەبیانۆی ئەوەی کە کاک زەیدیش خۆی بە باڵێکی رزگاری دەناسێنێ زۆر نارەوایە، پێمانوایە بیانۆیە، وێڕای ئەوانەشەوە دیسان گوتومانە با کاک زەید بێتەوە، بەڵام ئەو سێ کەسی دیکەی لەگەڵ خۆی گرێدراوە کە بەبڕیاری سێهەمین کۆنگرە دەرکراون، ئێستا من وەک سکرتێرو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش ئەو دەستەڵاتەمان نیە کە ئەوانە وەربگرینەوە، بەڵام ئەگەر ئەوان راست دەکەن کە رزگارین و بەرژەوەندی حزبی رزگاریی کوردستانیان دەوێ، با لە ماڵی خۆیان دانیشن و مووچەشیان پێدەدەین، هەر کاتێک چوارەمین کۆنگرەشمان با ئەو کاتە بێنە کۆنگرەو باس لە کێشەکانیان بکەن.

دواتر شاندی میوان بەرێزەوە بەرێکران.

# سکرتێری حزبی رزگاری پێشوازی لە شاندێکی ئەنجوومەنی عەشیرەتی مەموندی دەکات



هەڤاڵ رێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کورستان، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لەهەولێر بە گەرمیەوە پێشوازی لە شاندێکی ئەنجوومەنی عەشیرەتی مەموندی کرد کە پێکهاتبوو لە بەرێز محەمەد خدر ئاغا، سەرۆکی ئەنجوومەنی عەشیرەتی مەموندی و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن. شاندی میوان سەبارەت بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی عەشیرەت دوان و رایانگەیاند کە ئامانج و مەبەست بەهێزکردنی گیانی برایەتی و هاوهەنگی و هەرەوەزیە. سکرتێری حزبی رزگارییش پیرۆزبایی لێکردن و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

# راگەیاندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی رزگاریی کوردستان

کاتژمێر 14ی رۆژی 25-9-2010 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزب لە شاری هەولێر، کۆمیتەی ناوەندی بە سەرپەرشتی هەڤاڵ رێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کرد، سەرەتای کۆبوونەوە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان رۆژەڤی کۆبوونەوە خرایە روو. وێڕای ئەوەی کە بڕیارو پێشنیارەکانی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حزب خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە رۆژی 3-9-2010 بەرێوەچووبوو، هەروەها گرفتەکانی نێوەخۆی حزب و رەوشی هەنووکەیی هەرێمی کوردستان و عێراق تاوتوێ کران.

**کۆمیتەی ناوەندی** نیگەرانی خۆی لەبەرانبەر بڕیاری وەزارەتی ناوەخۆی حکومەتی هەرێم لە پێوەند بە راگرتنی بودجەی حزبی رزگاریی کوردستان و نابڕینی تێکۆشەران پێشاندا و بە نارەواو نادادپەروەرانەی وەسف کرد، لەو پێوەندەدا پێشنیاری کرد کە بۆ هەڵگرتن و سڕینەوەی ئەو ستەمە بەدواداچوونی ورد بکات و سەردانی لایەنە پەیوەندارەکان بکات و رای حزب بە دەستەڵات بگەیەنێ، ئەگەر سوودی نەبوو، ئیتر کرۆکی کێشەکە بۆ رای گشتی و مێدیاکان روونبکاتەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی** جەخت دەکاتەوە کە حزبی رزگاریی کوردستان، حزبێکی خاوەن بڕیاری سەربەخۆیەو پارێزگاری لە سەروەری خۆی کردوە، بەدرێژایی هەژدە ساڵی رابردوو، هەرگیز خۆی رادەستی دیتران نەکردوە، ئێستاش رێ نادات کە هیچ کەس و لایەنێک بەبیانۆی جۆراوجۆری نەخشە بۆکێشراو دەست لە کاروباری نێوەخۆی حزبی رزگاریی کوردستان وەربدات، بۆیە دووپاتی دەکاتەوە کە وەک هەمیشە فرمان و دەستوور لە دیتران وەرناگرێ، راستگۆیانەو نیشتمانپەروەرانە لەسەر کاری حزبایەتی بەردەوام دەبێ، درێژە بە تێکۆشان دەدات و راشکاوانەش لەبەرانبەر رووداوەکاندا هەڵوێست دەگری و رامانی خۆی بۆ کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان روون دەکاتەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی** دەخوازێ کە بودجەی حزبەکان بە یاسایی بکرێ، چۆن حزبەکان بە یاسا مۆڵەتیان پێدەدرێ، بەوشێوەیەش بۆ راپەڕاندنی کارو چالاکیەکانیان بودجەیان بۆ تەرخان بکرێ و لێپرسینەوەشیان لەگەڵدا بکرێ. هەر لەو پێوەندەش‌دا بەستنەوەی بودجەو راگرتنی بودجە بە هەڵوێست و رامانی سیاسی بە ترسناک دەزانێ و رەتی دەکاتەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی** رەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستانی بە هەستیار و ئاوارتەو مێژوویی وەسف کرد، بەوهۆیەوە خوازیاربوو کە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکان و گەیشتن بە دوارۆژێکی پرشنگدار، لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان ڕیزەکانیان پتەو بکەن و گەشە بە تەبایی و هاوهەنگی نێوانیان بدەن.

**کۆمیتەی ناوەندی**، رەوشی پارێزگای دیالەو ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بە ترسناک دەزانێ، چونکە ئەو هەنگاوانەی کە ئێستا بەمەبەستی لاسەنگکردنی سەرژمێری گشتی لە پارێزگای دیالە و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە هەڵدەگیرێنەوە، زیان بە دۆزی کوردستان دەگەیەنێ، بۆیە هیواخوازە کە پێشگیری لێبکرێ، هەروەها بە پێویستی دەزانێ کە رێ لە هاتنەوەی عەرەبە هاوردەکان بگیرێ، لەبەرانبەردا گەرەکە هاوکاری کوردستانیان بکرێ تا گوندو ئاواییەکان چۆل نەکەن، هاوکاری ئەو خێزانانەش بکرێت کە لەم دواییانەدا بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری و وشکەساڵی و بێ ئاوییەوە بەرەو هەرێمی کوردستان هاتوون، تا بۆ شوێنی باب و باپیرانیان بگەڕێنەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی** پێیوایە کە عێراق لە قەیرانێکی سیاسی و دەستووری دایە، هێزە براوەکان بە درێژایی شەش مانگی رابردوو، وێڕای دیدارو دانوستاندنەکانی نێوانیان، کەچی نەیانتوانیوە کێشەو ناکۆکیەکانیان وەلا بنێن، بەوهۆیەشەوە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێ ناکام ماوەتەوە، ئەگەر لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا نەگەنە رێککەوتن، پێویستە رێ لەبەردەم هەڵبژاردنێکی دیکەدا بکرێتەوە.

لە کۆتاییدا، کۆمیتەی ناوەندی داوای لە کادران و ئە ندامانی حزب کرد کە بە گوڕوتینێکی نوێوە درێژە بە کارو چالاکیەکان بدەنەوە، بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکانی رابردوو، دڵنیای کردنەوە کە بە بودجە بڕین رێ لە کاروانی بەرەوپێشەوەچوونی رزگاری ناگیرێ، درەنگ یا زوو، کێشەو گرفتە چنراوەکان کۆتا دەبن.

سەرکەوێ خەبات لە پێناو نیشتمانێکی سەربەخۆو کۆمەڵگەیێکی بەختیار

**کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

2010-9-26